مەسعود بارزانی: لەبەر بەبەشکردنی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پارتی هەوڵستی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی گرتووتەبەر

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، لەبەر بەبەشکردنی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان پارتی هەوڵستی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی گرتووتەبەر، داوا دەکەن ئەو سەرنج و کێشانەی ڕەگرن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکی تەندروستی چارەسەر بکرێن و دەشێت، "دواخستنی هەڵبژاردن بە ماوەی چەند مانگێک باشترە لەوەی هەڵبژاردنێک بەرهەمبچێت کە مافی دەنگدەران و پێکهاتەکان پشێلبکات."

مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ تەماس سیلەر باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کەبەو و گفتوگۆ لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان کرا.

لە کەبونەوەکە مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند، لەدوای ئاپێنەوە پارتی دەستپێشخەری دیموکراسی و بەڕێوچونی هەڵبژاردن و گواستنەوەی شرعیەتی شەشگەڵی بە شرعیەتی یاسایی و دەستوری بوە و هەردەم ئامادەی بەڕێوچونی هەڵبژاردن بوە لە هەرێمی کوردستان.

مەسعود بارزانی ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو تەبینیانەی پارتی لەسەر هەڵبژاردن هەیەتی بەهۆی بەبەشکردنی پێکهاتەکان لە هەڵبژاردن و زەربونی گیروگرفتی تەکنیکی و دەستکاریی نادەستوریی یاسای هەڵبژاردن و هەوەدان بە دیزاینی پێشوختەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوە.

وتیشی، "پارتی لەپەناو پاراستنی بەها دیموکراتیەکان و بەڕێوچونی هەڵبژاردنێکی پاك و بەگەرد ئەو

هەڵوەستەی وەرگرتوە."

مەسعود بارزانی ئەوەشی خستەڕو، پارتی هەمیشە لەگەڵ هەڵبژاردن بوە و ئێستاش پارتی داوا دەکات بە زوترین کات ئەو سەرنج و بابەتە تەکنیکیانەی کە ڕەگرن لە بەڕەوچونی هەڵبژاردنەکی تەندروست چارەسەر بکرێن و هەروەها سیغەیەکی گونجاویش بە بەشداریی پێکهاتەکان و پێشلنبونی مافەکانیان بدەزرێتەوە.

باسی لەوەشکرد، داوا لە کەمەگەی نوودەوەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن کە گرینتیی بەڕەوچونی هەڵبژاردنەکی شەفاف و بەگەرد بکەن بە ئەوەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرخەری دەنگی خەڵك و ئیرادەی ڕاستەقینەی گەلی کوردستان بێت.

سەرکی پارتی دیموکارتی کوردستان ئاماژەی بەوەشکرد، ناکرێت لەو وادەیەی بە هەڵبژاردن دیاری کراوە هەڵبژاردنەکی پاك و بەگەرد بەڕەوبچێت، بەڵام هەندەك بەرەوپێشچون هەیە لەوەی کە لایەنەکان پێکەوە کار لەسەر نەهەشتنی گیروگرفتەکان بکەن، بە دەنیایشەوە چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە پێویستی بە دەرفەتی زیاتر هەیە.

وتیشی، "دواخستنی هەڵبژاردن بە چەند مانگەك زەر گرنگترە لەوەی هەڵبژاردنەك بەڕەوە بچێت کە تێیدا مافی دەنگدەران و پێکهاتەکان پێشێل کرابێت."